بەشی چوارەم

# پیاچوونەوەیەک بە کتێبی (جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ)

لە نووسینی ئارام ڕەشید

تاهیر ڕەحیم*

نووسەر لە بەشی (دەربارەی ئاگایی و خوێنەواری محەمەد) باس لەوە دەکات هەندێک لە سەرکردەکانی ئیسلام خوێنەوار بوونە لەوانە: عومەر کوڕی خەتاب،عوسمانی کوڕی عەفان،عەلی کوڕی ئەبوتالیب... وە لە ژنانیش حەفسە، ئائشە،ئوم کەلسوم...

بە دەلیلی مێژوویی و مەنتیقی دەیسەلمێنێ، کە محەمەد خوێنەوار بووە و پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ خەڵکە خوێنەوارەکان بووە بە تایبەتی حەنەفییەکان، کە زۆربەیان خوێنەوار بوونە. واتا کەس و کاری محەمەد وە هاوڕێکانی خوێنەوار بوونە وە خوێنەواری زۆر گرنگ بووە بۆ بازرگانی لەبەر ئەوە هیچ مەنتیق نییە محەمەد کاری بازرگانی کردبێت لەو ناوەدا بە نەخوێنەواری مابێتەوە... حەنەفییەکان نوێژیان کردووە و ڕۆژوویان گرتووە، خەڵوەتیان کردووە بۆ ئەوەی تەئەمول بکەن دووایی محەمەدیش هەمان ڕێبازی گرت و بۆ ئەشکەوتی حەڕا ڕۆیشتووە، حەنەفییەکان زۆربەیان خوێنەوار بوونە و شارەزاییيان لە چیرۆکی کۆن بووە وەکوو ئادەم و حەوا، نوح، ئیبراهیم، ئیسماعیل، فیرعەون و موسا، عیسا و مریم بووە.

وەرەقەی کوڕی نەوفەل،عەبدولا کوڕی جەحش،عوسمان کوڕی حوێرس، زەید کوڕی عەمر لە ناوچەی یەمامە لە حەنەفەکان بوونە. موسەیلەمە داوای کردووە کە یەک خوا بپەرستن ئەویش ناوی(ڕەحمان)ە. شوێنپەنجەی کولتووری عەرەب پێش ئیسلام و ئایینەکانی تر لە قورئان دیارە، بەڵام لە هەمووی زیاتر حەنەفییەکان بوونە چوونکە لەپێش مەحەمەد و لە سەردەمی محەمەدیش ڕۆڵیان هەبوو کە داوای شکاندنی بتەکانیان دەکرد داوایان دەکرد خەڵک خواپەرستی و تاکخوایی بکەن و خۆیان سەر بە ئایینی ئیبراهیم زانیوە گۆشتی مردارەوەبوویان نەخواردووە کە لە قورئان ڕەنگی داوەتەوە (إنما حرم عليكم الميتة والدم ولحم الخنزير...) سوورەتی حەج 12 لە حەنەفییەکانەوە وەرگیراوە،

نووسەر لە بەشێکی تردا وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، بۆچی محەمەد خۆی بەلایەنگری ئایینێکی کۆنتر نیشان نەدا و وەکوو نوح کە کۆنترە لە ئیبراهیم وە یان بە نزیکتر وەکوو موسا و عیسا. چونکە عەرەب خۆیان بەلایەنگیری ئیبراهیم زانیوە و بڕواشیان وابووە کە ئیبراهیم کەعبەی درووست کردووە مەحەمەدیش بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەکەی دەیویست لەو خاڵەوە دەست پێ بکات کە عەرەبەکان بڕوایان پێ بووە بۆ ئەوەی بەدوای کەون.

سوورەتی "العمران" ئایەتی67 (ئیبراهیم نە جولەکە بووە نە دیان،بەڵکو حەنەفی بووە و موسڵمان).

هەروەها بڕوانە سوورەتی "حج" ئایەتی 78 (باوکتان ئیبراهیم ناوتانی ناوە موسڵمان ...

بەشێک لە عەرەب مانگ و ئەستێرەیان پەرستووە بە خوای خۆیان داناوە، نووسەر باس ئەوە دەکات مانەوەی وێنەی مانگ و ئەستێرە بەسەر گوومەتەکانەوە ڕێزگرتن بووە بۆ بیروباوەڕی عەرەب لە هەمان کاتدا نیشانەی ئەوەیە، عەرەب پێش ئیسلام مانگ و ئەستێرەیان پەرستووە.

عەرەبەکان لەپێش ئیسلام بڕوایان بە خەڵکانێکی نادیار هەبووە کە بوونیان هەیە و خۆیان پێشان نادەن ئەویش(جن)ە یان جنۆکە، ئیسلامش دوایی بڕوای پێ هێناوە و "أنعام" 100 ئەسەلمێنێ عەرەبەکان بڕوایان پێ بووە. نووسەر دەیسەلمێنێ محەمەد هیچ شتێکی تازەی نەهێنا، تەنها دابونەریتی عەربی کرد بە یاسا.

محەمەد کاتێک دەسەڵاتی گرتە دەست، هەموو کەعبەکانی ڕوخاند و هەموو بەردەکانی تێک شکاند تەنها کەعبەی گەورە و بەردە ڕەشەکەی هێشتەوە، ئەمەش نیشانەی یەکبوون بووە لە ناو عەرەب، چونکە هەر خێڵێک کەعبە و بتی خۆی هەبووە، محەمەد ئامانجی تەوحیدکردنی خێڵەکان بووە و بەردە ڕەشەکەش بووە ڕەمزێک بۆ یەکگرتنەوەی عەرەب. ئەو بەردە ڕەشە پێش ئیسلام هەبوو و پیرۆز بوو.
ئەم کتێبە ئەمان گەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە ئیسلام بزووتنەوەیکی سیاسی بووە بەڵام سوودی لە ئایین وەرگرتووە.
پێش ئیسلام حەج هەبووە سوودێکی زۆری لە ڕووی ئابوورییەوە بووە، مەحەمەدیش گرنگی پێ داوە لە سوورەتی "حج" 27 (بە خەڵکی ڕابگەیەنە کە بێن بۆ حج بە پیادە و سواری)
ذوالحجە یەکێکە لە و چوار مانگە کە شەڕی تێدا حەرام کراوە وە بوونی مانگی ذوالحجە دەلیلە بۆ ئەوەی پێش ئیسلام حەج هەبووە هەروەها سەفا و مەروا،تەواف، سوڕانەوە بە دەوری کەعبە عەرەبەکانی پێش ئیسلام پیادەیان کردووە.
ئیسلام درێژەپێدەری کولتووری عەرەبی پێش ئیسلامە(جاهیلی!)ە. هەموو ئەو کولتوور و خووەی پێش ئیسلام کە هەبوو، مەحمەد کردوویەتی بە یاسا وەکوو سوورەتی قورەیش 3(فلیعبدو رب هذا البیت) واتە عیبادەتی پەروەردەگاری ئەم ماڵە(کعبە) بکەن وە محەمەد خۆی جێگای بتەکانی گرتەوە بۆ خەڵک شەفاعەتی دەکرد لای خوا، مەراسیمەکانی حەج هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات پێش ئیسلام چۆن بوو بەو شێوەیە مایەوە سوورەتی العمران 97 حەجی کرد بە ئەرک بەسەر موسڵمانەکان. خووڕەوشتی ئیستای ئیسلام هەمان خووڕەوشتی عەرەبە پێش ئیسلام.
محەمەد لە سەرەتای بزووتنەوەکەیدا کاتێک دەسەڵاتی نەبوو زۆر دیموکرات و ئاشتیخواز بووە، ڕێزی لە ئایینەکانی تر گرتووە ،سوورەتی "نحل" ئایەتی 125 (وجادلهم بالتی هی آحسن) واتا لەگەڵ ئەوانەدا بە شێوەیەکی جوان وتووێژ بکە هەروەها بڕوانە سوورەتی "عنکبوت" ئایەتی 46 هەروەها بڕوانە سوورەتی "رعد" ئایەتی 40 و سوورەتی "یونس" ئایەتەکانی 108،55، 109، سوورەتی "ق" ئایەتی 39، "معارج" 5 "بقرة" 256 ...
کاتێکش هێزی پەیدا کرد، دەستی کرد بە توندوتیژی تەنانەت بەرامبەر ئەوانەی خاوەن کتێبش بوون، کە لە سەرەتادا ڕێزی بۆیان هەبوو، وەکوو یەهودییەکان و مەسیحییەکان. بڕوانە ئەم ئایەتانە کە باس لە کوشتن، سەربڕین، دەست و قاچبڕین وە پەنجەقرتاندن دەکەن (توبة 12 ، 123،29، انفال41،65،60،39 نساء 74–76 بقرة 190–216،193_244،محەمەد 4. ئەگەر لەم دنیا ئەم کوشتن و بڕینە هەبێ ئیتر خوا جەهەنەمی بۆچی داناوە! نووسەر باسی ئەوە دەکات کە 124 ئایەت بە ئایەتی شمشێر ئیلغا کراونەتەوە. محەمەد ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی تیرۆری ئەو کەسانەی دەکرد کە ڕەخنەیان لێ دەگرت، وەکوو کوشتنی شاعیرئەبوو عەفەک. کوشتنی ژنە یەهودی عەسمانە کچی مەروان ...
ئەم کتێبە باسێکی تەواوە لەسەر ئێسلام نووسەر بۆ هەر بەشێک توانیویەتی بە چڕوپڕی باسی بابەتەکان بکات. ئەوەی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت بۆچی مەلاکان و ئێسلامە سیاسییەکان هاواریان لێ هەستاوە، چونکە ئەوەندە بەدیقەتەوە نووسراوە ناتوانن وەڵامی بدەنەوە.
نووسەر زۆر زیرەکانە توانیویەتی ئەو ئایەتانە شی کاتەوە کە هەڵوێستی سیاسیی ئیسلام بەرامبەر چینەکان دەردەخات کە بریتیە لە چەواشەکردنی هەژاران و دەمکوتکردنیانە بەرامبەر دەوڵەمەندەکان. بە هەژارەکان دەڵێ خوا بۆ هەر کەسێک کە بیەوێت ڕزق دەدات هەر خۆشی کەم یان زیادی دەکات سوورەتی سبأ، ئایەتی 36 یان لە سوورەتی "بقرة"، ئایەتی 247 خودا موڵک و دەسەڵات بە هەر کەسێک بیەوێت دەیدا. وە ئەگەر هەژار لە برساندا وە یان لەبەر بێکاری دەست بۆ ماڵی دەوڵەمەند ببات، ئەوە سزای دەست بڕینە/ مائدة، ئایەتی 38.

نووسەر باسی ئەوە دەكات، كە محەمەد بە چاوێكی یەكسان و دادپەروەرانە تەماشای مرۆڤەكانی نەكردووە "نساء"، ئایەتی 3 (ئەگەر نەتان توانی دادپەروەری لە نێوان ژنەكانتاندا بكەن كەنیزەک پەیدا بكەن. واتا، دادپەروەری بۆ ژنی كۆیلە نەبووە، بڕوانە "بقرة"، ئایەتی 178، "نساء"، ئایەتی 25. ئەمە چ جۆرە خوایەكە مرۆڤەكان وەكوو یەک تەماشا نەكات!!!

هەموو ئایینەكان ڕێزیان لە ژن نەگرتووە، بەڵام هیچ ئایینێک بێڕێزی بە قەدەر ئایینی ئیسلام بە ژن نەكردووە.

تەنانەت موسڵمانەكان ژنی مێرداری ناموسڵمانیشیان كە لە شەڕدا دەسكەوتووە، مارە بڕیوە لە خۆیان بڕوانە سوورەتی "نساء"، ئایەتی 24.

نووسەر لە باسی ئیسلام بە زانستەوە باسێكی پوختەی نووسیوە، ئەو ئایەتانە شی دەكاتەوە كە موسڵمانەكان شانازی دەكەن دەڵێن باس لە زانست دەكات، ئەو ئایەتانە لەناو عەربی پێش ئیسلام باو بووە و ئەو زانیارییانە لە ئایینەكانی تر و بیروباوەری نەتەوەكانی تر باو بووە. نووسەر ئارام ڕەشید بڕوای وایە: "خاڵی بەهێزی ئایین لە خاڵی بێهێزی زانستەوەیە" واتا چەند زانست بەرەو پێشەوە بچێت، ئەوەندە ئایین بەرەو دوا دەڕوات. ئایین و زانست پێچەوانەی یەكترن.

ئەم كتێبە سەرچاوەیەكی زۆر گرنگە بۆ ئەو نووسەرانەی كە دیانەوێت لەسەر ئیسلام بەتایبەتی قورئان بنووسنەوە. ئایەتەكان بەپێی باسەكان جیا كراونەتەوە، كە ئاسانكارییەكی چاک دەكات لەو ڕووەوە. بڵاوبوونەوەی ئەم كتێبە بە شێوەیەكی فراوان لە كوردستان، دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی تیرۆری ئیسلامی و ڕێگە لە بیروباوەڕی عەرەبی شۆڤێنیزم دەگرێت، كە هەوڵ دەدات هەستی نەتەوایەتی بەناوی ئیسلامەوە لەناوبەرێت، هەروەها دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی خورافات لەناو كۆمەڵگای كوردەواریدا.